# مەترسی پەرەگرتنی گروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە رۆژهەڵاتی کوردستان

حامد مرادی

لە بنەڕەت دا هەر ئایدۆلۆژیا، هزرو پێکهاتەیەك کە لە سەر پرەنسیپی دیاریکراو و نەگۆڕ دامەزرابێ، پاش تێپەڕینی ماوەیەك لە بواری مێنتالی و عەینییەوە تووشی جۆرێك لە قەیران دەبێتەوە، ئەمەش بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم دا وەراست دەگەڕێ، لێرەدایە کە دوو بۆچوون دێتە ئاراوە، بۆچونێکی ریفۆرمیستی و خۆگونجان لە گەڵ پێویستیەکانی سەردەم، بۆچونێکی دیکەش مانەوە لە چوارچێوەو ئەڵقەرێزکردنی دەرگاکان لەسەر کۆی دیاردەو روانگە نوێ و زانستییەکان، و هەر لێرەدایە کە بەرەبەرە جۆرێك لە دژەبەری بە مەبەستی خۆپاراستن و رەوایی دان بەخۆ دێتە ئاراوە.

بە سەرنج دان و تێرامان لەم دەڤەرەی خۆمان بە دەیان گروپی دەمارگرژی ئایینی دەبینین کە لە ژێر ناوی پاراستنی بنەماکانی ئیسلام و شەڕ دژی کولتووری رۆژئاواو پاراستنی بەهاو بنەما مۆراڵییەکان جۆرەها کردەوەی توندوتیژی و نامرۆڤانە بەڕێوە دەبەن و کۆمەڵگاش تووشی جۆرێك لە ترس و دڵەراوکێ دەکەن.

دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە تەنیا ئایینی ئیسلامە کە تووشی پەتای فێندەمێنتالیزم بۆتەوە، بەڵکوو ئەم پەتایە داوێنگیری مەسیحییەت و ئایینەکانی دیکەش بۆتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو لێی دەرباز بوون و نە تەنیا بوونیان نەکەوتووەتە مەترسییەوە بەڵکوو لە خزمەتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا دابوون، لە بەر ئەوەی کە لە بنەما را بنئاژۆیی نە تەنیا لە خزمەت و بەرژوەندی ئایین دا نییە، بەڵکوو لە راستیدا ئەوەندەی ئەم رێچکەیە هەڕەشە لە بنەماکانی ئایین دەکا دوژمنە گریمانەییەکان بیریشی لێ ناکەنەوە.

پاش ئەوەی کە خەڵکی ئێران بە بەشدارییەکی چالاکانەو گشتگیر توانیان دەسەڵاتی سەدانساڵەی پاشایەتی لەبن بێنن، لە بەر هێندێك هۆو نەبوونی



ئاڵترناتیڤێکی جیدی، تاقمێك پیاوی ئایینی توانیان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و کەوتنە دابەزاندنی سیستمی دەسەڵاتی ئیسلامی "ناب محمدی"، چەمکێکی نەناسراوو نازانستی. کەم نەبوون ئەو هێزە سکۆلارو پیاو ئایینی و جێگای بڕوای خەڵك کە هەر لەسەرەتادا هەستیان بە ناکۆکی و دووفاقیەتی و نامۆبوونی ئەم تاقمە نە تەنیا لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی بەڵکوو لە گەڵ خودی بنەماکانی ئیسلامیش دا کردو لێیان وەدەنگ هاتن، بەڵام بە شێوەیەکی رواڵەتی و بە گۆترە تاوانبار کران و دەنگیان خنکێندرا. و هەر لەو کاتەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ترسی هاتنە کایەی قەیرانی رەواییان لێ نیشت، هەر بۆیە کەوتنە دارشتنی پیلان و مۆنۆپۆلیزەکردنی سەرجەم رەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێران و لە بواری دەرەکیشەوە بە

بەرزکردنەوەی دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەو بەر فراوان کردنی پانتایی جیهانی ئیسلام هاتنە نێو کایەکی سیاسی مەترسیدارەوەو بە پاڵپشتی و داڵدەدانی گروپە تیرۆریست و گێرەشوێنەکان لە بواری تێوریی و پراکتیکییەوە شەڕی دژی جیهانی مۆدێرنەیان ڕاگەیاند و ئێران بوو بە ناوەندێکی گەورەی پەروەردەو پەرەپێدانی نەفامی و گەندەڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا.

لەم نێوانەدا نەتەوەی کورد یەکێك لەو نەتەوانەیە کە بەردەوام ئایین گرفتی بۆ ناوەتەوەو قەتیش نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز کا، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە لەم بوارەدا خاوەن چەندین ئەزموونی تاڵین. کورد نەتەوەیەکی خاوەن مێژوویە لە خەبات و بەرخۆدان، بەڵام بە داخەوە لە هێندێك لە قۆناغە مێژووییەکان دا بە هۆی بێتوانایی لە جیاکردنەوەو دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندی ئایینی تووشی تراژیدیای گەورە هاتوون و ئەوەندەی کارمان بۆ سەلماندنی موسڵمان بوونی خۆمان کردووە قەت بیرمان لە بنەما نەتەوەییەکان نەکردۆتەوە، کەچی بەردەوام لە لایەن دوژمنانەوە لە ئیمپراتۆری عوسمانییەوە بگرە تا کۆماری ئیسلامی بە خوانەناس و دژە ئایین و سیخوڕی بێگانە پێناسە کراوین، ئەمەش سەرەڕای ئەوەیە کە سکۆلارترین بزاڤە کوردییەکان بەردەوام و بە بێ هەڵاواردن داکۆکییان لە مافی ئایینی کردووەو قەتیش نەیانتوانیوەو نەیانوێراوە کە هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆیان لە سەر ئایین ڕابگەیەنن. بێ گومان ئەم جۆرە کردەوە کۆنسێرڤاتیڤانە بۆتە هۆی لەبار بوونی بەستێن بۆ چالاکی گروپە توندرەوە ئایینییەکان لە کوردستان.

بە پێی هێندێك لە سەرچاوەکانی هەواڵ ماوەیەکە ڕژیمی تاران دەستی داوەتە چالاکی چڕوپڕی ئایینی لەناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەم بوارەش دا زۆر بە ڕاشکاوی هاریکاری و یارمەتی گروپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە لە ناوچەکانی کوردستان دەداو مزگەوتەکان بوونەتە مۆڵگەی پروپاگەندەی ئەم گروپە تیرۆریستانەو هاندانی خەڵك بۆ خۆ تەقاندنەوەو شەڕی چریکی دژی هێزەکانی ئامریکا و هاوپەیمانان لە ئێران و تەنانەت تیرۆر کردنی سەرکردەکانی حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان و هەروەها کوشتن و ڕفاندنی کادرو ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تازەترین نمونەش چالاکی بەرچاوی ئەم گروپە لە شارەکانی مەهاباد، سەقز و مەریوانە کە بە پێی هێندێك زانیاری توانیویانە تا ڕادەیەك سەرنجی لاوان و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لەو بۆشاییەی کە لە زەینی تاکی کوردیدا هەیە بە قازانجی خۆیان بیقۆزنەوە.

بێ گومان ئەمەش سەرەتای دەس پێ کردنی کارەساتێکی گەورەیەو دەبێ بە هەست بە بەرپرسایەتییەوە گشت لایەن، نووسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنووس، کرێکار، بازاڕی و سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەم بوارەدا بە هەستیارییەوە ڕۆشنگەری بکەن و مەبەستەکانی ڕژێمی ئێران لەم بوراەدا دەس نیشان بکەن. دەبێ تاکی کورد لەوە ئاگادار کرێتەوە کە ئەم جۆرە هەوڵانە دەچێتە خانەی هەوڵە دژە نەتەوەییەکان و لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ زەربە لێدان و پاسیڤ کردنی بنەما نەتەوەیی و شارستانییەکان و کردنی ڕۆحیان بە مۆڵگەیەك بۆ گەرای ڤایرۆسە دژە مرۆڤیەکان. بە تایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا کە کورد خاوەن قورسایی و ئەدگاری تارادەیەك ئەوڕۆپییە، هەر بۆیە دەبێ بۆ بنبڕکردنی ئەم جۆرە عەقڵیەتە کە چاوەڕوانی مەرگی دەکرێ و ئاخرین پەلەڤاژەکانیەتی، هەوڵ بدرێ و بزانین کە ئازادی بۆ دوژمنانی ئازادی نییە. نابێ لە بیرمان بچێ کە کۆمەڵگای ئێمە بە داخەوە باکگراوەندی بەرهەمهێنانی ئەو عەقڵیەتەی تێدایە، بۆیە لەم بوارەدا نابێ بێ وازو کەم تەرخەم بین.